# ئێران لە بازنەی لێداندا

ڕێبوار ڕەشید

پێشەکی:
لەم وتارەدا دەمەوێت لەسەر دوو خاڵ بدوێم. یەکەمیان کێشەی ئەتۆمیی ئێران و مەسەلەی لێدانێتی. دووهەم کە هەم لێدان و هەم ڕووخانی جمهوری ئیسلامیی ئێران لە قازانجی نەتەوەکانی ئێراندایە و بەو شێوەیەش بە گشتی لە قازانجی بزووتنەوەی داواخوازی دادوەریی و حوکمەتی یاسادایە کە زۆربایەتیەکی زۆری کرێکار، جووتیار و چینی خوارەوە و ناوەڕاست دەتوانن سوودی لێوەربگرن. بەڵام بەرلەوەی بێمە ئەو باسانەوە بەلامەوە گرینگە کە هەروەها ئاوەڕێك لە مێژووی ئێران و دۆخی سیاسیی ئەو نیوسەدەیەی ڕابردووی ئێران بدەمەوە کە پێموایە لە تێگەیشتنی باسەکەدا گرینگە.
ناتوانرێت باس لە جمهوری ئیسلامیی ئێران بکرێت گەر لە بناخەی ئەو بیرە پانئیرانیزمە نەگەین کە نە هەر تا ئێستا لە ئێران برەوی هەیە، بەڵکو بەردی بناخە و کۆڵەکەی تێڕوانینی چەپ و ڕاستی نەتەوەی سەردەستە لە دەستەڵات و لە حوکم کردن.
لەبەرئەوەی کە ڕەزا شا لە ژێر کاریگەریی بیری ئاریاییدا بوو کە بێگومان لە ڕووی سیاسییەوە لە پتەوکردنی یەکایەتی خاکی ئێران و سەروەریی دەستەڵاتی خۆیدا سوودی لێوەردەگرت، بۆ نموونە کە ئێران لە ڕووی سیاسییەوە بە یەك نەتەوە ببینرێت، مەیلی دەستتێکەڵاوکردن و هاوکاریی لەگەڵ بزووتنەوەی نازیسم لە ئەڵمانیا هەبوو. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە بەریتانیەکان ساڵی ١٩٤١ ڕەزا شایان ناچارکرد لە تەختی پاشایەتی بێتە خوار. ئەو کاتە محەمەد (١٩١٩- ١٩٨٠)، کوڕی ڕەزا شا، بیستودوو ساڵ بوو. بەریتانیەکان لە جیاتی باوکی هێنایانە سەر حوکم، دەیانزانی ساڵانێکی دوورودرێژ بەکاریان دێت.
پاش وەگرتنی پۆستی سەرەکوەزیریی ساڵی ١٩٥١ لە نێوان محەمەد موسەدەق کە نوێنەرایەتی لیبرالدیموکراتی ئەو دەمەی لە ئێران دەکرد و ئایەتوڵا کاشانی ململانێ لەسەر ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگای ئێراندا پەیدا بوو. زەمینەی سیاسیی وا لەبار نەبوو کە موسەدەق بتوانێت خۆی ڕابگرێت و لە ١٩٥٣ دا ڕووخا و سی ئای ئەی (CIA) محەمەد ڕەزا شای هێنایەوە بۆ سەر حوکم. لەو کاتەوە، محەمەد ڕەزا شا کە جۆرێك لە ئەزموونی سیاسیی پەیدا کردبوو و هەروەها فێربووبوو دەستەڵات چەند ناسکە، بە یارمەتی ساواك دەستی کردەوە بە حوکم کردنی ئێران.
محەمەد ڕەزا شا دەیویست جۆرێك لە سیکولاریزمی سیاسیی بەرقەرار بکات، بەڵام هاوکات نەریتی شیعەگەریی لە ئاستێکیشدا بهێڵێتەوە. لەلایەکیشەوە کە پێویستی بە هێزی دەرەبەگ و هێشتنەوەی دەستەڵاتی بەگزادەیی بوو لە چواردەوری خۆی و ناچار بوو ڕۆڵی ساواك بەهێزتر بکات، وردەوردە چینێکی جووتیار و کرێکار و کاسپکاری بچووك پەیدا دەبوون کە تا دەهات کەمتریان لە خێروبێری ئێران پێ دەبڕدرا و کە هەر هێندەیان دەتوانی دەردەدڵی و سکاڵای خۆیان لە ناو مزگەوتەکان دەرببڕن و مەلاکان بە شاهیدی نێوان خۆیان و خودا، کە لە شا بە گەورەتریان دەزانی، دابنێن.
هەرچەندە خۆرئاوا، لەوانە ئەمەریکا، محەمەد ڕەزاشایان ناچار کرد ئەوە بکات کە بە "شۆڕشی سپی" بەناوبانگە، بەڵام هیچی لێ نەکەوتەوە. سیاسەتی حوکمڕانی ئێران لەسەر چڕبوونەوە و بایەخدان بە ناوەند و هاوکات پشتگوێخستنی کەنار (پریفەری) ساز درابوو. کەناریش هەم ئەو کاتە بە دوو مانا دەهات و هەم ئێستایش بەو دوو مانایە دێت. ئەویش یەکێکیان ئەو نەتەوانەن، بۆ نموونە وەك کورد، کە دەکەونە ئەو دیو بازنەکانی ناوەندەوە و ستروکتوری حوکمڕانیکردنەکە وا ساختمێندراوە کە بە ئێنقەست کردراون بە کەنار. کوردستان تەنها لە پێوەندی دەستەلاتی سەردەست و بندەستدا هەبوونی هەیە کە ئەویش لە دزیلێکردن و دادۆشین و ڕووتاندنەوەی ئابووریيدا خولاسە دەبێتەوە. هەر لەبەرئەوەشە دەستەڵاتی ناوەند خەڵکی کورد بە ڕێگر و ئاستەنگ لەبەردەم ئەو هەوڵانەیدا دەبینێت، نەك وەکو هاووڵاتیی یان مرۆڤ.

مانای دووهەمیان، هەموو ئەو توێژ و گرووپ و چینانەن کە دەکەونە خوار چینی مامناوەندیی باڵاوە. ئەمان تەنها وەکو هێزی کار، سپێری هێزی کار، سەرباز و پاسدار و بەسیج و "خواهرانی زینب" بەکار دەبردرێن بەو شێوەیەی لەو سات و شوێنەدا بەکەڵکی دەستەلاتی ناوەندی دێن.
ئەم شێوە سیاسەتە وابەستەیەکیی دەرەکیی بۆ دەستەڵاتی ناوەند دروست کردبوو کە نەیارانی شا دەیانتوانی لە پۆلەمیکی سیاسیاندا بە هاسانی سوودی لێوەربگرن.
خومەینی یەکێك بوو لەوانەی کە بە توندیی دژایەتی ئەو سیاسەتەی شای دەکرد و بە ئاشکرا ڕەخنەی لە شا دەگرت و پێی وابوو شا دەستی لە سەربەخۆیی نەتەوەیی ئێران بەرداوە. هەڵبەت زۆر پێشتر لە خومەینی، مورتەزا موتەهەری و عەلی شەریعەتی، دووان لەوانە بوون کە بەڕاستی هەوڵیاندا کۆمەڵگای ئێران ئیسلامیتر بکەن و دژ بە بیری نەتەوەسالاریی ئێرانی بن کە وەك بەرهەمێکی ئیمپراتۆری سەفەوی، بەتایبەتی لە دژایەتیکردنی عوسمانیەکاندا، لە ئێران لە ناو بازنەی شا و چینی سەردەست و فارسەکاندا، بووبوو بە کولتور و فەرهەنگێکی سیاسیی.
عەلی شەریعەتی یەکێکە لە هەرە ئایەتوڵا زرینگەکان کە هەر لە سەرەتاوە بە بیری خۆرئاوایی ئاشنا بوو. لە سیاسەتی ئیستیعماری کلاسیکی حاڵی دەبوو، بیرەوەرانی خۆرئاوایی دەناسی و بە شۆڕشی گەلانی جیهان ئاشنا بوو. ئەم جۆرە بیرە سیاسیە هاوتەریب هەر لە سەردەمی ڕەزاشاوە بۆ سەردەمی محەمەدی کوڕی بەردەوام بوو. لەبەرئەوە دەتوانرێت بە بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی مێژوویی و بە ئەنتیتێسی دەستەڵاتی ناوەندیی ببینرێت.
خوێنەر سەرنج بدات کە کەسانی وەکو عەلی شەریعەتی دژ بە ڕژێمی شاهەنشایی بوون لە زێدەگەورەکردنی "ئێرانیان" دا، چونکە ئەوەیان بە دژایەتی "ئوممەی ئیسلامیی" دادەنا، هاوکات کە خومەینی پێی وابوو شا سەروەریی "ئێرانیبوون"ـی بە خۆرئاوا فرۆشتووە. ئەوە سیاسەتێکی ورد و باش پلانبۆکراوە کە لەلایەکەوە دژایەتی بیری پانئێرانیزم بکردرێت لە بەرانبەر گەلانی ئیسلامی دراوسێدا و لەلایەکی دیکەوە باس لە هێنانەخوارەوەی سەروەری "ئێرانیبوون" لە بەرانبەر ناسنامەی خۆرئاواییدا بکردرێت.
بە هەرحاڵ، سەرئەنجامی ئەو دژایەتیە ئاشکرایەی خومەینی ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٤ دا شا دووری خستەوە بۆ ئێراق. بەڵام لە نێزیکەی ئەو ٢٣ ساڵەی سەر حوکمیدا محەمەد ڕەزا شا هێندەی پێ کرابوو کە لە چینی مامناوەندیەوە بەرەوخوار بکات بە دوژمنی خۆی و بەرەیەکی نارەسمی دژی دەستەڵاتی مزگەوت و فەقیەکان بکاتەوە. بێلەوەش هەوڵی کوردی (هەڵبەت ئازەریش) بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی نەتەوەیی لە شکۆفەییدا هەڵچڕووکاند و بەوەش کوردی کرد بە دوژمنی خوێنینی خۆی.
هەمان شا سی (٣٠) ساڵێك پاش ئەوە لەسەر ئاستی کوردستان ساڵی ١٩٧٤ لە ڕێککەوتننامەکەی جەزائیردا دژ بە کورد لە باشووری کوردستان بەشدار بوو. محەمەد ڕەزا شا یەکێك بوو لەو دەستانەی کە کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هێنا و خەونی چەندین ملیۆن کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، جارێکی دیکەش، نائومێد کرد.
بەو شێوەیە قینی کورد لەو ڕژێمە، هەم لەسەر ئاستی ئێران و هەم لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەند هەبوو. ئەو ڕقە تا دەهات زیاتر پەنگی دەخواردەوە بەتایبەتی کە شا لە پێوەندی نێزیکدا لەگەڵ تورکیا و ئێراق و پاکستاندا دژ بە کورد بەرەی ساز کردبوو. بەڵام لەلایەکەوە دۆڕانی عەرەبەکان لە شەڕی ١٩٧٣ و بەکارهێنانی نەوت وەك چەك دژ بە ئەمەریکا و ئورووپای خۆرئاوا لە لایەن عەرەبستانی سعودییەوە، ئێرانی خستبووە بەرەی ئیسرائیل و باڵادەستی دەریای فارسی کە بێگومان عەرەبەکان و لەوانە ئێراقی زۆر بریندار دەکرد. شا چەند بیری پانئێرانیزمی لە ئارییاییبووندا خولاسە دەکردەوە و خۆی پێوە هەڵدەکێشا، بەعسیەکانی ئێراقیش هەروەك ئەوە سەرمەستی پانعەرەبیزم و بیری سەردەستەیی نەتەوەی عەرەب بوون و وەك نەتەوەیەکی خوداهەڵبژاردە و خاوەنی قورئان لە خۆیان دەڕوانی. پەیامەکەیان "ئوممە عەرەبیە واحیدە، زات ریسالە خالیدە (نەتەوەی عەرەبی یەکبوو، خاوەن پەیامی پیرۆز") ئاشێك بوو لە ساڵانی سەرحوکمیاندا بە گۆشت و ئێسکی خەڵکی بێتاوان دەگەڕا.
لەلایەکی دیکەوە، بەتایبەتی بە هۆی زیاتربوونی پارەی نەوتەوە، ئێران بووبوو بە جەمسەری کەڵەکەبوونی هێز لە ناوچەکەدا کە هەموو دەراوسێکانی بەخیلیان پێ دەبرد. بەڵام دۆخی کۆمەڵایەتی،

سیاسی و ئابووری ناوخۆی ئێران، بۆ نموونە نەبوونی ئازادی بیروڕا و ڕاگەیاندن و خەفەکردنی هەناسەی خەڵك لە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکدا لە ساڵی ١٩٧٨ دا گەیشتبووە ئاستێك کە ئیتر بە کەڵکی ئەوەش نەدەهات کە لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن بە شێوەیەکی دیکە نیشان بدرێت.
خومەینی مانگی دەی ١٩٧٠، بەر لەوەی عەرەبەکان لە جەنگی دووهەمیاندا دژ بە ئیسرائیل بدۆڕێن و نەوت پارەیەك بکات کە دەوڵەتی ناوەندی هەست بە هێزی خۆی بکات، ئێراقی بەجێهێشت و لە فەڕەنسا بوو بە پەناهێندە. لە فەڕەنسا لەسەر کاری سیاسیی خۆی بەردەوام بوو. خومەینی لە دوورەوە باش حاڵی دەبوو کە بزووتنەوەیەکی چەپ، بە جۆری جودای مارکسیزمەوە، لە ئێران لە پەرەستانندایە. ساڵی ١٩٧٧ ئێران خاوەنی١٧٥ هەزار خوێندەوار بوو کە ٦٧ هەزاریان لە دەرەوە دەیان خوێند، بزووتنەوەی جۆراوجۆری وەکو پان مارکسیستی و سۆشیالیستی ئیسلامیی بە هەموو شێوەکانیانەوە پەیدا بووبوون کە هەموو داوای دادوەری کۆمەڵایەتی و وازهێنانی شایان لە دەستەڵات دەکرد. بێ لە حیزبی "تودە" بزووتنەوەی فیدیانی خەڵك مارکسیست لێنینیستەکان کە هەر لە ساڵی ١٩٧٠ـەوە ماو و جیڤارایان گەیاندبووە ئێران و (گیلس کێپێل: ل ١٠٧)[1] لە سەر ئاستی کوردستانیش کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لەدایك بووبوو.
خومەینی بە ئەزموونی ١٥ ساڵ لە ئاوارەیی و ڕووانینی لە جۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دوورەوە ڕا، هەر لە ساڵی ١٩٧٨ ـ ـەوە دەیزانی کە دەبێت وشەی گشتگیر لە پۆلەمیکی سیاسی خۆیدا بەکار ببات. یەکێك لەو وشانە وشەی "موستەزعەفین" بوو بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی کە لە بیرێکی گشتیی ئیسلامیی دەترسان. ئەم وشەیەش لە ڕاستیدا لە عەلی شەریعەتیەوە وەریگرتبوو. زۆری نەبرد کە خومەینی توانی هەموو گرووپە جیاوازە شیعەکان ڕابکێشێت و تەنانەت زانایانی ئیسلامی ناو جامیعەی ئەلئەزهەریش پشتیوانیان لێ دەکرد.
خومەینی هێشتا لە فەڕەنسا بوو کە توانی ساڵیادی کوشتنی ئیمام حسێن لە ١٠ و ١١ مانگی ١٢ ساڵی ١٩٧٨ بکات بە ناڕەزایی دەربڕینێکی نێزیکەی سەرانسەریی. هەڵبەت ئیمام موسا سەدر دەمێك بوو ئەو تاکتیکەی بە سەرکەوتوویییەوە لە لوبنان تاقی کربووەوە کە پاشان باسی دەکەم.
خومەینی داوای لە ئێرانیان دەکرد کە لە هەر شوێنێك هەن شیعاری "ئەڵاهوئەکبەر" پێکەوە بڵێنەوە. زایەڵەی ئەڵاهوئەکبەر تا دەهات زیاتر دەبوو و ئاوازێکی ساز دەکرد کە خەڵکی لە خۆی نێزی دەکردەوە. بەو شێوەیە خۆپیشاندانەکان تا دەهات گەرمتر و درێژخایانتر دەبوون.
یەك مانگ دوای ئەوە شا ڕاو نرا و میسری لێ دەربچێت هیچ وڵاتێك ئامادە نەبوو بەخێری بهێنێت.
سەردانی کەریم سەنجابی، یەکێك لە نوێنەرانی لیبرالی ئێرانی، بۆ لای ئیمام خومەینی و پاشان بە "ڕابەر" دانانی لەلای حیزبی تودەوە مۆرێکی زیاتر ناساندنی بە خومەینیەوە نا. لەو کاتەوە بوو کە خومەینی بۆ یەکەم جار دەستی کرد بە باسکردنی دامەزراندنی "جمهوریەتێکی ئیسلامیی دیموکراسیی". جمهوریەتێك کە ئەو سەربەخۆییەی ئێران بپارێزێت کە ئەم و زۆربەی زۆری ئێرانیان پێیان وابوو شا فرۆشتوویەتی (گیلس کێپێل ١٠٧-١١٠).

خوێنەر سەرنج بدات کە ڕووتاندنەوە و چەوساندنەوەی ئابووری و چینایەتی ناوخۆ نەیدەتوانی ببێت بە تەنها فاکتەر یان فاکتەری سەرەکی، بەڵکو مەترسی تێداچوونی ئەو سەروەریەی ئێران بوو کە بوو بە فاکتەری سەرەکی و کە نەتەوەی سەردەستی پێ گۆش (گۆچ) کرابوو.
کاتێك خومەینی لە ١/ ١٩٧٩/٢ گەڕایەوە بۆ ئێران، هێشتا بە سەر شانی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەگێڕدرا، بیری لەوە دەکردەوە چۆن لە ناویان بەرێت. ئۆپۆزیسیۆن تازە ئەو هەڵە کوشندەیەیان کردبوو کە خومەینی بکەن بە خودی دەستەڵات و بە یەکتریی بسەلمێنن. جا هەر ئەوەندەیان بۆ مابووەوە کە لەسەر حیسابی یەکتر بە سەر شانی یەکتردا هەڵزنێن بۆ لای ئەو.
خومەینی باش لەم گەمەیە ئاگادار بوو.

---
[1] Jihad. The Trail of The Political Islam. Revised Edition. Gilles Kepel. Tauris & Co Ltd 2004

پەروەردەی دەستی جەنگی سارد ڕقی لە هەموو خۆرئاوا و خۆرهەڵاتێك دەبووەوە و دیارە لە دڵی خۆیدا سوێندی خواردبوو کە دەبێت "ولایەتی فەقی" دابمەزرێنێت. دروشمی "نە شەرقی و نە غەربی، جمهوری ئیسلامیی" لەوێوە سەرچاوەی گرت.
بەڵام لەو دروشمەدا هیچ جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی چەپ و ڕاستی "سیکولاریستی" تێدا جێگا نەدەبووەوە. کاتێك مەهدی بازرگان بوو بە سەرەککۆماری حوکمەتە کاتیەکە هیچی لە مەسەلە پلانبۆکراوەکان نەگۆڕی. خومەینی بە زووترین کات دەستی کرد بە لەناوبردنی هەموو جۆرە دەنگێکی سیکولاریست. (گیلس کێپێل: ل١٠٧) هەرچەندە لە بانگەوازکردنی حوکمەتی فەقیەدا دوو لایەن دژبوون، وەکو بۆ نموونە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و خەتی چەپی سیکولاریستی گشتییش، بەڵام ئەم دوو لایەنە هەردووکیان گرفتی جیددی ناوخۆییان هەبوو کە نەیاندەتوانی شتێك بە شتێك بکەن.
خومەینی لەسەرەتادا نەیارەکانی خۆی دەهێنایە سەر حوکم و لە ناوەوەی دەستەڵاتدا لە ناوی دەبردن. یەکەم جار بازرگان و لیبرالەکان، پاشان بەنی سەدر کە نوێنەرایەتی چەپی ئیسلامیی دەکرد کە هەر خۆی بە پاڵپشتیی خومەینی بوو بە سەرەککۆمار (مانگی یەکی ١٩٨٠) و بە هەزار شەڕەشەق لە مانگی شەشی ١٩٨١ دا بە یارمەتی موجاهیدین ئێرانی جێهێشت. گەورەترین کارێکی سیاسی کە بەنی سەدر ڕێگای پێدرا بیکات ئەوەبوو کە فەرمانی بە سوپای ئێرانیی دا بەنی کەوشەکانیان نەکەنەوە تا کۆتایی بە بزووتنەوەی کوردستان نەهێنن.

پاش بەنی سەدر بە چوار مانگێك خومەینی لە یەکەم کۆبوونەوەکانی موجاهیدنیشی سرەواند. بەو شێوەیە لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٨٠ ـ ەوە پەرلەمانی ئێرانی زۆربایەتیان سەر بە حیزبی شۆڕشی ئیسلامیی بوون. ساڵی ١٩٨٣ کە سەرۆکی پارتی تودە لەسەر تەلەفیزیۆن خۆی بە سیخوڕی یەکێتی سۆڤیەت سەلماند هیچ جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی جیددی نەمابووەوە خومەینی حیسابێکی بۆ بکات. حیزبی تودە تا ئەمڕۆش هەر دەیەوێت برەو بە دروشمی "با هم بە سوی تشکیل جبهه واحد ضد دیکتاتوری"[2] بدات. هەرگیز ناتوانن حاڵی بین کە ئەوی بۆ ئەمان دیکتاتۆرە، بەسەر لایەنانی دیکەوە داگیرکاریشە. دەستەڵاتی ناوەندیی لە ڕووانگەی نەتەوەی سەردەستەوە "دیکتاتۆرە"، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەگەلی دیکەی نافارسی ئێرانیدا داگیرکارە. کە مەزهەبی شیعەی دەستەڵاتی ناوەندیی باس ناکرێت، فەرامۆشکردن نییە، بەڵکو ناویسترێت مەزهەبی نەتەوەی سەردەست بخرێتە ژێرپرسیار. لە باشترین حاڵەتدا هەوڵ دەدرێت چەند کەسێك لە ڕابەرانی جمهوری ئیسلامیی ئێران تاوانبار بکرێن کە مەزهەبی شیعە خراپ بەکار دەبەن. ئا لێرەدایە کە دەبێت لە مانا جوداکانی پانئیرانیزم بگەین. هەموو ئەوانەی لە ناوەندەوە دەڕوانن، ناوەند هەم وەکو دەستەڵات و هەم وەکو نەتەوەی فارس، و هەموو ئەوەکانی دیکە بە کەنار دەبینن، پانئێرانیستن.

لەو کەناربینیەوەیە کە زمانی نەتەوەی کورد، جلکوبەرگی، کولتوری هەمەجۆری، فەرهەنگی، ئەدەبی دەمیی و نووسراوەی، مێژووی، موزیك و هەست و نەستی بە فشە دەگیرێت. عەیبی گەورەی کورد لەوەدایە کە کوردە. عەیبی نەتەوەی کورد لەوەدایە کە ناتوانێت لە دەرەوەی ئەو عەیبەدا بژی. لەو پێوەندیەدایە کە نەتەوەی باڵادەست نۆرمە. نەتەوەی باڵادەست ئەوی باشە، ئەوی دروستە، ئەوی ساخە و بەو شێوەیە.
بە هەرحاڵ، لەگەڵ تەفروتوناکردنی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە گەوجەوە کە هەر خۆی خومەینی وەکو دەستەڵات و ناوەند سەلماندبوو و کە دەیویست لە ڕێگای ئەوەوە بگاتە دەستەڵات، هاوکاتیش بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد خەفە کرا کە ئێستا باسی ئێرە نییە تێیدا قووڵ ببینەوە.
کورد کە یەکێك لە هەرە نەتەوە سەرەکی و مێژووییەکانی ئێرانە بە خراپترین شێوە دەستی لێ وەشێندرا بێ ئەوەی یەك دانە بزووتنەوەی چەپ، کرێکاریی، جووتیاریی، دیموکراسیی لە ئێران لەسەری هەڵبداتێ و لە هەمانکاتیشدا هەر ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە خومەینی دەمکوتی کرد دەستی لە سەرکوپکردنەکەیدا هەبوو.
پانئێرانیزم تیغێکە بە هەموو دیوێکدا دەبڕێت.

[2] http://www.tudehpartyiran.org/default.asp

بەو شێوەیە تیئۆری "وەحدەتی کەلیمە (یەکبوویی وتار)" ـ ی خومەینی باشترین برەوی لە ناو رووناکبیرانی ئێراندا پەیدا کرد. ئێران بوو بە قەڵای دژایەتیکردنی بیری خۆرئاوایی کە ئەمەریکا وەك رابەری ئەوان و وەکو شەیتانی گەورە دەبینرا.
زۆرێك لەو کەسانەی کە لەبەر هۆی جیاواز تا ئەو کاتە نەهاتبوونە ناو ئەو بازنەیەی خومەینیەوە، کاتێك لە ١٩٨٠/٩/٢٢ دا شەڕی ئێراق و ئێران دەستی پێکرد، هاتن. کوژرانی سەدان هەزار لاوی ئێرانی و هێنانی ژنانی ئیسلامیی بۆ بەڕێوەبردنی ئاسایشی ناوخۆ، خومەینی کرد بە خاوەنی شەهیدانی ئیسلامی و بەرگریکردن لە ئیسلام. بەو شێوەیە هەموو ئەو پێکهاتانەی بۆ سەقامگیرکردنی حوکمەتێکی تۆتالیتار پێویست بوو دەست خومەینی کەوت: پارەی نەوت، دەستەڵاتی سیاسی بە هۆی زۆربایەتی خاوەن شەرعیەتەوە، سوپایەکی وەفادار، تیئۆریەکی سیاسیی بۆ بەڕێوەبردن، دوژمنی دەرەکی و خاوەنی شەهید. ئەو وشەیەی کە خومەینی دایهێنا، وشەی "میللەتی بوزورگ (گەلی مەزن)"، ئێستاش برەوی هەیە. محمودی ئەحمەدینەژاد پەروەردەی ئەو بیرەیە.
سێ ساڵی یەکەمی شەڕ ئێران و ئێراقی لە هەموو بوارێك و لە زۆر ئاستدا ماندوو کرد. بۆ ئەوەی بەرەی ناوخۆ بە بەهێزیی بهێڵرێتەوە خومەینی جڵەوی بۆ لایەنگرانی خۆی شل کرد تا بە ئارەزووی خۆیان ببزوێن. هەر لە بەهاری ساڵی ١٩٨٣ ـ ـەوە سوپای پاسداران و "خواهرانی زینب" کەوتنە پۆلیسیکردن بەسەر دەرودراوسێوە و بە زۆری زۆرداری پۆشاکی ئیسلامیان پێ لەبەر دەکەن و ئەو ئافرەتانەیان بە "بەدحیجاب" ناو دەبرد کە بە پێی ئیسلامەکەی ئەمان خۆیان دانەدەپۆشی. لەلایەکی دیکەوە شاڵاوی بگرە و بکوژە هەموو ئەو ناوچانەی گرتبووەوە کە دەنگی ئۆپۆزیسیۆنی تێدا دەبیسترا. کوردستان گەورەترین دەستدرێژیی لە بەکۆمەڵگرتن و بێ لێپرسینەوە کوشتن بە خۆوە بینی. تا ئێستاش گۆڕی هەزاران کچ و کوڕی کورد ونە و خانەوادەیان بەسەرهاتیان نازانن.
تیرۆری جمهوری ئیسلامیی ئێران پاش کۆتایی شەڕی ئێران و ئێراق کە خومەینی بە "جامێك ژەهری دادەنا کە هەر دەبێت بینۆشێت"، و پاش مردنی خومەینی و هاتنەسەرکاری ئەوی پێی دەگوترێت "بەرەی ریفۆرم" و ئینجا لاچوونیشی، زیادی کردووە نەك کەم.
بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدینەژاد دەرکەوت کە شیعەمەزهەبە هەرە توندڕەوەکان بنکەیەکی جەماوەریی وایان هەیە کە دەتوانن خاوەنی دەستەڵاتێکی سیاسیی وەکو ئەمەی ئێستا بن.

**جمهوری ئیسلامیی ئێران باشە بڕوخێت**

زۆرن ئەوانەی کە خوازیارن جمهوری ئیسلامیی ئێران بڕوخێت، بەڵام ناکۆکی لەسەر شێوەی رووخاندنەکەی زۆرە. شێوەیەکی بەربڵاو کە بەگشتیی پانئێرانیستییە و هەروەکو شا، موسەدەق، بازرگان، بەنی سەدر، کیا نوری، خومەینی، خامەنایی، خاتەمی و ئەحمەدینەژاد ئێران بە پارچە خاکێك دادەنێن کە خودا بە یەکپارچەیی دروستی کردبێت و دانیشتوانی ئێرانیش هەر هەموو "ئێرانین" کە لە پراکتیکدا بە مانای فارس و شیعە مەزهەب دێت. هەر کاتێك فشاری سیاسی و ئابووریان بۆ هاتبێت باسی جۆرێك لە ئازادییان بۆ نەتەوەکانی دیکە کردووە کە ئەویش لە پراکتیکدا هەر کوردە کە بە حوکمی خەباتی ئازادیخوازانەی نەپچڕاوەی خۆی توانیویەتی خۆی بسەپێنێت. هەر کاتێکیش هەلیان دەست کەوتبێت بە هەموو هێزیانەوە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد و بزووتنەوە پێشکەوتووخوازەکانی ناوخۆیان داوە.
ئەمان کە لە شێوەی رێکخراوەی سیاسییدا نموونەی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"، "حیزبی تودە"، "موجاهیدینی خەلق"، "ئەکسەریەت" و هتد، پێیان وایە کە خومەینی دەبێت بە دەستی ئێرانیەکان بڕووخێت، بەڵام ناتوانن روونی بکەنەوە کە ئەوە چۆن روو بدات. ناتوانن روونی بکەنەوە کە چۆن تا ئێستا نەتواندراوە بڕووخێنرێت و کەنگێ ئەو زەمینە لەبارە ناوخۆییە دروست دەبێت کە بە دەستی ئێرانیان بڕووخێنرێت. بەڵام هەر هەموو یەکێکیان لە لێکدانەوەی سیاسیی خۆیدا پێی وایە خەتای یەکەم لەوەدایە کە بە قسەی ئەم ناکرێت، دەنا رووخانی جمهوری ئیسلامیی هاسانە.

شێوەیەکی بەربڵاوی دیکە ئەوەیە کە جمهوری ئیسلامیی ئێران بە هاریکاریی هێزی دەرەکی بڕووخێت، بەڵام ئەو هێزە دەرەکییە تەنها کارەکەیان بۆ بکات و بەس، دەست نەخاتە ناو ئێران و ئاییندەی ئێران و هەلومەرج بۆ بارودۆخە ئاییندەییەکان دانەنێت. سەڵتەنەت تەڵەبەکان یەکێکن لەمانە.

## جمهوری ئیسلامیی ئێران دەبێت بڕوخێت!

جمهوری ئیسلامیی ئێران لە مێژووی نێزیکەی سی ساڵییدا کارگەلێکی کردووە کە تەنها پێوەست بە ناوخۆوە نییە، تا بە تەنها قسە لەسەر فاکتەری ناوخۆ بکردرێت. ئەو کارانەی کە کردوونی پێوەست بە دەرەوەشە و بەو شێوەیە پارسەنگی سیاسیی ناوچەکەی تێك داوە و بۆ نموونە دەرودراوسێ ناچار دەکات کە بکەونە کێبڕکێی پەیداکردنی چەکی قورستر و زۆرترەوە، لەوانە چەکی ئەتۆمیی. هەروەها کە ئێرانی خستووەتە جۆرێك لە دژایەتی خۆرئاواوە. من بە کورتی ئەو خاڵانە دەنووسمەوە.

1) بە بارمتە گرتنی دیپلۆماتە ئەمەریکاییەکان لە ١٩٧٩/١١/٤ بۆ ٤٤١ ڕۆژ و سووتاندنی سەفارەتی ئەمەریکا. مەهدی بازرگان هیچی بۆ نەکرا و بە ناچاریی وازی هێنا و لە قووڵبوونەوەی ئەو کێشانەشدا بوو کە ئایەتوڵا شەریعەتمەداری خرایە ژێر چاودێریەوە و هەتا مردنیشی لە ساڵی ١٩٨٦ هەر دەست بە سەر بوو. (گیلس کێپێل: ل ١١٣ و ١١٤)

2) بە ڕای گیلس گەورەترین کارتێکردنی جمهوری ئیسلامیی لەسەر لوبنان بووە کە من بە کورتی باسی دەکەم. شەڕی ناوخۆی لوبنان ساڵی ١٩٧٥ هەڵگیرسا، سوپای سووریا مانگی شەش ساڵی ١٩٧٦ چووە ناو لوبنان، و ئیسرائیل١٩٨٢. بەکۆمەڵکوشتنەکەی سەبرا و شەتیلا لە ١٩٨٢/٩/١٦/١٥ هەر ئەوەنەبوو کە ئیسرائیل چرای سەوز بۆ میلیسیای کریستیان هەڵ بکات بە ئارەزووی خۆیان دەست بووەشێنن، بەڵکو گرینگە لە چوارچێوەی دەستتێوەردانی ئێران و سووریاشدا ببینرێت. ئیمام موسا سەدر هەر ساڵی ١٩٧٤ لە ئێرانەوە گەیشتبووە لوبنان و بزووتنەوەی "حرکە المحرومین" کە بە "ئەمەل" بەناوبانگە، ("ئەمەل" لە ڕاستیدا ناوی باڵە سەربازیەکەی بوو) دروست کرد. بە ڕای گیلس زرینگیی ئیمام موسا سەدر لەوەدا بوو کە توانی ساڵیادی شەهیدبوونی حسێن کە لە ساڵی ٦٨٠ دا ڕووی داوە لە هاتوهاوار و گریە و پاڕانەوەوە بکات بە بزووتنەوەیەکی گەرمی داواکار و ناڕەزایی دەربڕ (گیلس کێپێل: ل١٢٥). بەو شێوەیە لەو کاتەوە بوو کە هەموو چالاکیە نەریتیەکان لە ناو شیعەمەزهەبەکاندا دەگۆڕدرێن بۆ کرداری سیاسی کە خزمەتی ستراتیژیەکی دیار بکات. بۆ نموونە لە یادکردنەوەی شەهیدکردنی حوسێنەوە بە شێوەی جودا، دەیکەن بە خۆپیشاندان دژ بە "دوژمنانی ئیسلام". حەسەن نەسروڵا کە ئێستا سەرۆکی حیزبوڵایە ئەو دەم لاوێك بوو کە بەو بیرە فێر دەکرا. ساڵی ١٩٧٥ کاتێك شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد شیعەکان توانیان چالاك بن. ساڵی ١٩٧٨ ئیمام موسا سەدر چوو بۆ لیبیا و تا ئێستا کەس نازانێت چی بەسەر هاتووە، بەڵام شیعەکان خۆیان ئەو ونبوونەی ئیمام موسا سەدر بە مەسەلەی مەهدی دادەنێن و دەڵێن کە پاشان لە کاتی خۆیدا دووبارە دێتەوە. پاش ئەم "نەبی بەڕی" بوو بە سەرۆکی ئەمەل، بەڵام نە ئەو تین و هێزەی ئیمام موسا سەدری هەبوو و نە حەزی بە لایەنگریی ئێرانیش دەکرد. پاش هاتنە سەر کاری خومەینی لە مانگی دووی ساڵی ١٩٧٩ شیعەکانی لوبنانیش کەڵکەڵەی دامەزراندنی جمهوریەکی ئیسلامیی گرتنی، بەڵام واقیعی فرەئایینی لوبنان کارەکەی زەحمەت کردن. سووریا کە نەیدەتوانی ڕووبەڕووی ئیسرائیل بێتەوە ڕێگای بە ئێران دا بە ئارەزووی خۆی دەست تێوربدات و ئەو هاوپەیمانی و نێزیکیەشیان لەو دەمەوە بەردەوامە و بگرە بەهێزتریش بووە. ئەو کاتە چەند سەد پاسدارێك هاتن بۆ دۆڵی بەقا. ساڵی ١٩٨٢ ئایەتوڵا موحتەشەمی کە سەفیری سەفارەتخانەی ئێران بوو لە دیمەشق هە،وو گرووپە شیعەکانی کۆکردەوە و "حیزبوڵا"ـی پێ دروست کردن و "جمهوری ئیسلامیی لوبنان"یان ڕاگەیاند کە بێگومان تەنها کارێکی سیمبولی بوو چونکە ئێران باش دەیزانی کە ئەو کارە لە لوبنان سەر ناگرێت. بەڵام ئەوە گرینگە کە هەر لەو دەمەوە تا ئێستا حیزبوڵا باڵی درێژەبووی ئێرانە لە لوبنان و حەسەن نەسورڵا ـی سەرۆکی یەکێکە لە هەرە ڕووخسارە دیارە ڕادیکالەکان. ئێستا لە

ساڵی ٢٠٠٦ دا حیزبوڵای لوبنانی ئەڵقەیەکی ئەو سەنگەر و بەرەیەیە کە بریتییە لە ئێران، سووریا، لوبنان و فەلەستین و بێگومان بە پاڵپشتی ئیتیلافی شیعەی ئێراق، بەتایبەتی حیزبی دەعوا کە سوورن لەسەر ئەوەی جەعفەری ببێت بە سەرەکوەزیر. ئەو بەرەیە لە ژێر ڕابەرایەتی جمهوری ئیسلامیی ئێراندایە و بە ئەقڵ، پارە و چەکی ئەو لە ژیاندایە.

3) هاوینی ١٩٨٢ بارمتەگرتنەکان لە لوبنان و فەلەستین دەستیان پێ کرد و١١/٤ ـ ی هەمان ساڵ بنکەی سەربازیی ئیسرائیل لە تایەر تەقێندرایەوە. ئەمە گەورەترین چالاکیی گرووپەکانی سەر بە ئێران بوون. لە مانگی دەی ساڵی ١٩٨٣ ـ ەوە کۆمەڵێك چالاکیی خۆکوژیی دژ بە ئیسرائیلی، ئەمەریکایی و فەڕەنسیی ڕوو دەدەن کە بە ئاشکرا ئێران لە پشتێوەیەتی.

4) لێرەوەیە کە ئێران بە ئاشکرا دەستی کرد بە ڕەوانەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ دەرەوەی ئێران، بۆ نموونە کوردستان، ئەفغانستان، سودان، کۆمارەکانی ئەوسای یەکێتی سۆڤیەت، کوێت، عەرەبستانی سعودی. نموونە دەتوانن زۆر بن بەڵام لەسەر ئاستی جیهانیی دەتوانین قسە لەسەر حەجی ساڵی ١٩٨١ بکەین کە ٦٥ هەزار حاجی ئێرانیی بە ڕەسمی خومەینیەوە دژ بە سعودی عەرەبی بەشدار بوون و هەڵایەکی سیاسیی گەورەیان نایەوە. ساڵانی ١٩٨٦/١٩٨٣ سعودیە لە ژێر فشاری جمهوری ئیسلامی ئێراندا ناچار بوو ژمارەی حاجیەکانی ئێران بکات بە ١٥٠ هەزار. ساڵی ١٩٨٥ خۆپیشاندانی گەورەی حاجیانی ئێرانی ڕوویدا وا کە بە یارمەتی هێزێکی ئاسایشی گەورەی ناوچەکە، و بە قسەی هەندێك لایەن ئەمەریکاش، توانرا دابمرکێنرێتەوە. پاشان سعودیە ناچار بوو یاسای هەر هەزار کەس و یەك دانە حاجی بهێنێتە ئاراوە و هەموو جۆرە خۆپیشاندانێك قەدەخە بکات. ئەوە بوو ئێران هەموو پێوەندیەکی لەگەڵ سعودیە پچڕاند. تا کۆتایی شەڕی ئێران و ئێراق خومەینی بە ناو، ناوی " عەرەبستانی سعودی" بە دەمدا نەهات، بەڵکو هەر دەیگوت "ئەوی کە پێی دەگوترێت پاشایەتی نەجد و حیجاز"[3].

5) ڕۆژی ١٩٨٩/٢/١٤ خومەینی فەتوای کوشتنی دژی سەلمان ڕوشدی لەسەر کتێبی "ئایەتە شەیتانیەکان" دەرکرد و لێی پەشیمان نەبووەوە. ئەمە گێرمەوکێشەیەکی گەورەی سیاسیی و دیپلۆماسیی لەسەر ئاستی جیهاندا نایەوە. لەوێوە ئێران بوو بە هێزێك کە دەیتوانی دەستوەربداتە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی تاکەکەس کە ئوروپیەکان بە بەشێك لە دەستکەوتی شارستانی نوێیان دەیبینن. هەڵبەتە من باسی تیرۆرکردنی شۆڕشگێڕانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان ناکەم کە حوکمەتی خومەینی ڕۆژانە پێی هەڵدەستا، چونکە بە داخەوە هیچی لەسەر ئاستی جیهانیی کێشەیان بۆ حوکمەتی خومەینی دروست نەکرد. دەستتێوەردانی سیاسیی لە ناو خودی باشووری کوردستان و گەرمکردنی شەڕی ناوخۆش بە هەمان شێوە. تەنانەت تیرۆرکردنی سەدیقی کەمانگەر یان قاسملۆ و شەرفەکەندی و (کەسایەتی دیکەی وەکو کازمی ڕەجەوی، شاپووری بەختیار، غولامی کەشاوەرز) لەناوجەرگەی ئوروپا هەر هێشتا نەتوانرا بکرێن بە کرداری تیرۆریستی جمهوری ئیسلامیی وا کە نەتەوەی کورد قازانجی سیاسیی لێ بکات، ئەگەرچی دەوڵەتانی ئوروپا، ئەمەریکا و ڕووسیا بە باشی لە سەرچاوەی ئەو تیرۆرانە ئاگادار بوون.

ماتیاس گاردێل بە دوورودرێژی باسی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی و ڕۆڵی ئەمەریکا لە دروستبوونیدا دەکات. کاتێك جمهوری ئیسلامیی ئێران هاتە سەر حوکم دەمێك بوو موجاهیدەکانی ئەفگانستان مەشقی شەڕی دژ بە حوکمەتی ئەفگانستان و یەکێتی سۆڤیەتیان پێ کرابوو. ڕێگا بە عەرەبی میسر، سووریا، لوبنان، فەلەستین، جەزائیر، مەغریب، ئوردن، یەمەن و سعودی عەرەبی درابوو بگەنە ئەو ناوچانە. پارەی سعودی عەرەبی و چەکی ئەمەریکاییان پێ گەیشتبوو، فێرکرابوون چۆن نەخشەی جوگرافیا دەخوێنرێتەوە، مەوداکان چۆن دەپێورێن، بۆمب چۆن دروست

---

[3] Fred Halliday. *Två timmer som skakade världen*. Fred halliday 2002. s. 166

دەکرێت، پێوەندیە کەسیەکان چۆن ڕادەگیرێن و پەرەیان پێ دەدرێت، شەڕی جۆراوجۆر چۆن دەکرێت و کام چەکە لە چ شوێنێکدا بەکاردەبرێت.
ئەو کاتەی ئەم هێزە ئیسلامیە لە چالاکیی جیهاندا تا دەهات گەرمتر دەبوو، ئێران لەلایەکەوە کەوتبووە بەکۆمەڵکوشتنی هێزی ئۆپۆزیسیۆن، لەوانە نەتەوەی کورد، کە بۆ ئەوان هەم ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەیی بوو و هەم مەزهەبیش. لەلایەکی ترەوە دەبیینی کە هێزێکی ئیسلامیی هەر لە سنوورەکانی مۆریتانیاوە هەتا ئەندەنووسیا لە ڕووی سیاسیی و سەربازییەوە ڕێك خراوە. ئێران ئەمەی هەم بە عەیبێکی گەورە و هەم بە مەترسیەك و هەم بە ناڕەواییەتیەکیش دادەنا.
عەیبێکی گەورە بوو چونکە سوننە بوو نەك شیعە، مەترسیەك بوو چونکە بەلانسی مەزهەبی تێکدابوو. ئەو دەمەی سوننە کرابوو بەو هێزە، شیعەکانی عەرەبی سعودی، قەتەر و یەمەن و کوێت و لوبنان و ئێراق و هتد لە ڕووی سیاسیەوە مامەڵەی دوژمن و لە ڕووی مەزهەبیەوە مامەڵەی گڵاویان لەگەڵدا دەکردرا. گاردێل پاشان دەڵێت، هەڵبەت "لەو دەوڵەتانەدا کە ئیسلامیست تیایاندا هاتوونەتە سەر حوکم لە دەمی کورت یان درێژخایاندا – پاکستان، ئەفگانستان، سودان و ئێران – ئەوی ڕژێمەکان گوێیان پێ نەداوە مافی مرۆڤ و دیموکراسیە. بەڵام ئەمە زۆر لەوەوە دوورە کە بە دڵنیاییەوە بگوترێت کە ئەم ڕژێمانە لەبەرئەوەی کە ئیسلامیستن بوون بە چەوسێنەر."[4]
گاردێل ئەوەی فەرامۆشکردووە کە ئەو "ئیسلامیستبوونە" لە مانای مەزهەبی و چەوساندنەوەی جۆراوجۆری ئافرەتان و مافی مرۆڤ و هتددا چۆن جۆری چەوساندنەوەکە دەخاتە ئاستێکی دیکە.

6) پاشان هەڕەشەکانی ئەم دواییەی مەحمود ئەحمەدینەژاد لە ئیسرائیل وا کە "لەسەر نەخشەی جیهان نەمێنێت" و هەڕەشەی پێشووی ڕەفسنجانی و خاتەمی و خامەنایی لە ئیسرائیل هەموو بە درێژیی و بە تۆمارکراوی هەن.
7) دەستتێوەردان لە ئێراق و نێزیککردنەوەی شیعەی ئێراق لە تورکیا. مەبەستی ئێران لەوەدایە کە تورکیاش بهێنرێتە ئەو بەرەیەی ئێران، سووریا، لوبنان و فەلەستینەوە لەو ڕێگایەوە کە تورکیا بە هەڕەشەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بترسێنێت. ئەمە هەم لەلایەکەوە سەرکردایەتی باشووری کوردستان نیگەران دەکات و هەم ئەمەریکاش کە دەیەوێت جۆرێك لە سەقامگیریی سیاسیی لە ئێراق بچەسپێنیت. پاشان دەستتێوردان لە ئەفگانستان، پاکستان (کە شەڕی ناوخۆ لە نێوان گرووپی شیعە و سوننەدا پەیدابووە) و فەلەستین وا کە "حەماس" بێتە سەر حوکم، کە بەڵێنی یارمەتی ئابووریی بدات (هەنگاوی یەکەم ٥٠ ملیۆن دۆلار) و لە هەرە دواترین ئاخافتنەکانی ژەنراڵ یەحیا ڕەحیم سەفەوی، ئایەتوڵا عەلی خامنایی و ئەمحەدینەژاددا هەموو پشتگیریەك بۆ حوکمەتی حەماس، دژایەتیکردنێکی ئیسرائیل و ئەمەریکا دووبارە و سێبارە دەکرێنەوە. بەو شێوەیە دەبینین کە شەڕی ئەمەریکا دژ بە جمهوری ئیسلامیی ئێران یەك لایەنە نییە. ئەمەریکا و ئێران هەم دوژمنی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی یەکترن و هەم شەڕێك لەسەر بەرژەوەندی ئابووری و لەوانە سەرچاوەی نەوت لە ئارادایە.
8) بانگەوازی پیاتندنی یۆرانیوم و سووربوونی جمهوری ئیسلامیی ئێران لەسەر هەبوونی هێزی ئەتۆمیی بۆ پیشەسازی و وزە کە ئەمەریکا و خۆرئاوا پێیان وایە بەرەو دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم هەنگاو دەنێت، خاڵێکی دیکەیە. سەبارەت بە زانیاری زێدەتر دەتوانرێت سەردانی ماڵپەڕی بی بی سی[5] بە ئینگلیزی بکردرێت کە هەر لە مانگی ئوکتوبەری ٢٠٠٥ ـەوە دەیان وتاری بە فاکتەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە بڵاوکردووەتەوە. ئەم زانیاریانە دەتوانرێت لەگەڵ "ماڵپەڕی ئەحمەدینەژاد" یشدا بەراوورد بکرێت کە ماڵپەڕی ڕەسمی سەرۆکی جمهوری ئیسلامیی ئێرانە بە

[4] Gardell, Mattias, *Bin Ladin I våra hjärtan: Globaliseringen och framväxten av politisk islam*, 2005 Stockholm: Leopard föröag (ل ١٨٥)

[5] لێرەدا هەروەها وێنەی ئەم بنکانەی تێدایە کە بە سەتالایت گیراوە.
http://newsvote.bbc.co.uk/mpapps/pagetools/print/news.bbc.co.uk/1/hi/world/middle_...2006-03-06

زمانی فارسی و بە ئینگلیزیش[6]. من بە کورتی باسی ئەو بنکانە دەکەم. بنکەی ئەتۆمیی ئەرەك. سەتەلایتە ئەمەریکیەکان ساڵی ٢٠٠٢ بەم پلانتەیان زانی. ئەم پلانتە بە هێزی ئاو کاردەکات. بنکەی ئەتۆمیی ئەسفەهان کە بۆ ئامادەکردنی یۆرانیۆمە و کە دەتوانێت بە سێ جۆر ئەو کارە بکات. یەکەمیان گازی هێکسا فلۆرید کە لە سێنتەرفیگوری گازدا بەکار دەبرێت، یۆرانیۆم ئۆکسید کە بۆ ریاکتۆری نەوتییە (فیول) و سێهەمیان مێتاڵە کە بە زۆریی بۆ بۆمبی ئەتۆمی بەکار دەبرێت. ڕێکخراوی ئای ئەی ئی ئەی (International Atomic Energy Agency (IAEA)) بیرۆی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی) لەمەیان بەشکە. سێهەمیان بنکەی ئەتۆمیی بوشەهرـە کە ساڵی ١٩٧٤ بە یارمەتی ئەڵمانیا دروست کراوە و ئەمەریکا لە سەردەمی شادا پاڵپشتیی دەکرد، بەڵام ساڵی ١٩٧٩ کاتێك جمهوری ئیسلامیی ئێران هاتە سەر حوکم ڕاوەستێنرا. ساڵی ١٩٩٢ بە یارمەتی ڕووسیا دەست بە چاککردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی کرایەوە. چوارهەم، بنکەی ئەتۆمیی نەتەنز (نتنز) ـ ە کە جۆرێك پلانتی لێیە بۆ پیتاندنەوەی یۆرانیۆم کراوە و ساڵی ٢٠٠٣ ئێران لە ژێر فشاری ئەمەریکا و ئورووپادا ڕایگرت، بەڵام لەم دواییەدا دووبارە دەستی پێکردووەتەوە. بە پێی ڕێکخراوی (ئای ئەی ئی ئەی) تۆزی یۆرانیۆمی جەنگیی لەوێ دیتراوەتەوە. ئێران گلەیی کرد کە ئەو تۆزە لە ڕاستیدا لەسەر ئەو ئامێرانە بوون کە لە دەرەوە کڕیونی و پاشان ڕاپۆرتێکی سەربەخۆی ڕێکخراوی (ئای ئەی ئی ئەی) ئەمەی سەلماند. بە پێی ڕای پسپۆڕانی جودا ئەم پلانتە لە ئاییندەیەکی نێزیکدا دەتوانێت ساڵی ٢٠ بۆمبی ئەتۆمیی بەرهەم بهێنێت. لەم دوواییەدا محەمەد بەرادعیی کە بۆ سەردانی ئەو شوێنانە سەردانی ئێرانی کرد ڕای گەیاند کە ئەمان ناتوانن بە بەڵگەوە بزانن ئێران تا چەند دەتوانێت سوودی چەکی ئەتۆمیی لەم بنکەیە وەربگرێت.

بنکەی ئەتۆمیی ناتانزی لێ دەربچێت کە دەکەوێتە خوار تارانەوە، سێ بنکەکەی دیکە ئەرەك، ئەسفەهان و بوشەهر تا ڕادەیەك لە ئێراقەوە ناوچەی سنوورین و وا پێ دەچێت کاتێك کە ئێران دایمەزراندوون حیسابی ئێران بۆ ئەوە بووە کە ئەمەریکا لە سنووری خۆرئاواوە لە ڕێگای ئەفگانستان و پاکستانەوە نێزیك بووە. ئێران نەیدەزانی کە ئەمەریکا لە ڕێگای هاتنەژوورەوەی بۆ ئێراق دەبێت بە دراوسێی و بەو شێوەیە ئەو بنکانەش لە دەستی ئەمەریکاوە نێزیك دەبن. تا ئێستا هیچ هەوڵێك سەری نەگرتووە کە ئێران ڕازی بکردرێت دەستبەرداری ئەو هەوڵانەی خۆی بێت. بۆ نموونە ٢٠٠٦/٣/١٠ کۆبوونەوەی سێ قۆڵی یەکێتی ئورووپا ٣ (بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا) لە ١١ سەعات کۆبوونەوەدا نەیانتوانی بە هیچ بگەن. هەموو هەوڵێکی دیپلۆماسیی دیکە تا ئێستا هەر بە بنبەست گەیشتووە.

بە پشتبەستن بەو خاڵانەی کە باسم کردن و خاڵی دیکەی وەکو چڕبوونەوەی هێزێکی گەورەی سیاسی و ئابووری و سەربازیی لە ناوەندا، فراوانخوازیی جمهوری ئیسلامیی ئێران و مەسەلەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کە پەناهێندەی ئێرانی ڕووەو ئورووپا کردووە بە ژمارەیەکی گەورە و شتی دیکە، وا دەکەن کە جیهانیی دیموکراسیی و پێشکەوتووخواز ناتوانن ڕێگا بە خۆیان بدەن کە دەوڵەتێکی فراوانخوازی تێرۆریست بە شێوازی زەبروزەنگ و هەڕەشە و ترساندن خۆی بسەپێنێت. لەبەرئەوە من پێموایە شەڕی ئەمەریکا و خۆرئاوا دژ بە ئێران لە ئەگەری ڕوودانا نەماوە، بەڵکو ئێران کەوتووەتە بازنەی لێدانەوە.

## قازانجەکانی تێسرەواندنی سەربازیی لە حوکمەتی ئێران

هەموو جۆرە پانئێرانیستێك جا تاکەکەس، گرووپ یان حیزب بێت هەم بە دەم و هەم لە پراکتیکیشدا دژ بە هەموو جۆرە دەستتێوەردانێکی سەربازیین دژ بە ئێران. ئەمان پێیان وایە کە دەستتێوەردانی سەربازیی هەر نابێتە مایەی ڕووخانی حوکمەت، بەڵکو خودی دەوڵەتیش دەڕووخێت. تێگەیشتنی ئەمەش

---

[6] http://www.president.ir/eng/

هاسانە، چونکە زۆربەی زۆری پانئێرانیستەکان خەتێکی ئایدیۆلۆژی وا خۆناوەندبین و تۆتالیتاریان هەیە کە حوکمەت بە ئیدارەیەکی سیاسیی کاتیی ناو دەوڵەتێك نابینن، بۆ نموونە وەك ستروکتور و کۆمەڵە ئینستیتیوتێکی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و هتد. دەستەڵاتبینی ئەمان لە خۆیانەوە، کە هەمیشە تۆتالیتار و دیکتاتۆر و ئاکارفاشیست بوون، سەرچاوە وەردەگرێت و لەبەرئەوەش جیاوازی حوکمەت و دەوڵەت تا ڕادەی نەمان نامێنێت.
بە هەرحاڵ، ئەوانەی کە دژایەتی ئەمەریکا دەکەن دەتوانن بە گەلێك شێوە بیکەن. بۆ نموونە دەتوانن بچنە سەنگەری جمهوری ئیسلامییەوە، یان دەتوانن لە دەرەوەی بەرەی جمهوری ئیسلامیی، بەڵام هاوتەریبی ئەو دژ بە ئەمەریکا بەرەیەك دابمەزرێنن. ئەو بەرەیەش لە باشترین حاڵەتیدا دەتوانێت تەنها سیاسیی بێت، چونکە کەسیان ناتوانێت گوللە بە ئەمەریکاوە بنێت.
من پێموایە پارت و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانیەکان وردە وردە ناچار دەبن زیاتر سەنگەری خۆیان بە ڕۆشنی نیشان بدەن. ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە ئەوەیە کە نە دژ بە ئەمەریکا بن و نە دژی جمهوری ئیسلامیی هەڵوێست وەربگیرێت. ئەو هەڵوێستە چەندە برەوی دەبێت و لە ئاییندەدا چی پێ دەکرێت مەسەلەیەکی ئاییندەییە. بەڵام سەنگی سیاسیی ئەم جۆرە هەڵوێستە هەر زۆر کەمە و لە ئاکامدا دەبێت بە ژێر لێشاوە سیاسیەکانەوە. بەو پێیە من پێموایە تێسرەواندن لە جمهوری ئیسلامی ئێران قازانجی زۆرە و ئاوا ئەو قازانجانە ڕوون دەکەمەوە.

- مەسەلەی چڕبوونەوەی هێز لە ناوەندا

تەواوی هێز و دەستەڵاتی سیاسیی، ئابووریی و سەربازیی ئێران لە ناوەندا چڕبووەتەوە. ئەوی سەرنجی چۆنیەتی ساختمانی دەستەڵات لە ئێران بدات بۆی دەردەکەوێت کە هیچ ئیمکانێك نییە ئەو گرووپ و نەتەوانەی دەکەونە ئەو دیو ئەو سنوورە ناوەندییەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان بچووکترین بەشیان لەو دەستەڵات و هێزە سیاسیی و ئابووریی و سەربازییە بەر بکەوێت. لە ئێران دوو جۆرە ئینستیتیوتی دەوڵەتیی هەیە. یەکەمیان هەڵدەبژێردرێت، وەکو **سەرەککۆمار** (کە کابینەی وەزیران هەڵدەبژێرێت، بەڵام کە دەبێت پەرلەمانیش پەسەندیان بکات) و **پەرلەمان** یان **مەجلیس** کە ژمارەیان ٢٩٠ کەسە (کە کانسلی پاسداران هەڵدەبژێرێت) **و ئەنجوومەنی پسپۆڕان** (کە ئەرکی سەرەکییان هەڵبژاردنی سەرۆکی باڵای ئایینەیە). دووهەمیان ئەوەیە کە هەڵنەبژێردراوە وەکو **سەرۆکی باڵای ئایینی** [بخوێنە: مەزهەبی] (کە عەلی خامنەییە و لەوەبەر خومەینی بوو و کە باڵاترین دەستەڵاتی سیاسیی و ئایینی هەیە)، **هێزی سوپا**، **سەرۆکگەلی یاسا** و **مەجلیسی ڕاوێژکاران** (کە بەهێزترین ئەڵقەی سەرۆکی باڵای ئایینیە). بێ لە ئەرتەش (سوپای ئاسایی) سوپای پاسدارانی ئینقیلابی ئیسلامی و بەسیج کۆڵەکەی حوکمەتی جمهوری ئیسلامیی ئێرانن.

بەو شێوەیە دەبینین کە دەستەڵاتدارانی شیعەمەزهەبی ئێران ستروکتورێکی سیاسیان ساختمانداوە[7] کە مەحاڵە گرووپی دیکە بتوانن بیگەنێ و پەی بە ناوی ببەن. بەو پێیەی کە ژمارەی دانیشتوانی ئێران نێزیکەی ٧٠ ملیۆن هاووڵاتیە و کە هەرە زۆربایەتیان شیعەمەزهەبن و کە تەمەنی دەنگدانیش لە ١٥ ساڵییەوەیە، دەستەڵاتدارانی جمهوری ئسیلامیی ئێران لەو جۆرە ستروکتورە دا هێندە دەنگیان دەست دەکەوێت کە هاوکات بە یارمەتی پارەی نەوت بتوانن ساڵەهایەکی بێئەژمارد لەسەر حوکم بمێننەوە.

لێدان لە ئێران ناتوانێت هەر لە چوارچێوەی زەرەرگەیاندن بە بنکە ئەتۆمیەکاندا بمێنێتەوە، چونکە ئێران وەك لەسەرەوە باسم کرد میکانیزمی دەستتێوەردان و فراوانخوازیی هەن کە تا ئێستا بەکار بوون. لێدانێك لەبەرئەوە هەروەها هەموو بنکەیەکی چەکی گران و مووشەکی دوورهاوێژ، بنکەکانی ڕاگەیاندن، کۆمۆنیکاسیۆنی سوپا و حوکمەتیش دەگرێتەوە، تا لانی کەم وەڵامدانەوەیەکی سەربازیی ئێران هێندەی دەکردرێت کەم بکرێتەوە. لێدانێکی وا هەبوونی فیزیکی حوکمەتی ئێران لە کوردستان و لە ناوچەکانی دیکە کە من بە "کەنار" ـ م باسکردوون و کە لە هەبوونی دەستەڵاتی سوپادا خولاسە دەبێتەوە تا

---
[7] http://news.bbc.co.uk/2/shared/spl/hi/middle_east/03/iran_power/html/default.stm

ڕادەیەکی باڵا کەم دەکاتەوە. نیشانە زۆرن کە بارودۆخی لەو چەشنەی باشووری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ساز ببێت.

ئەوانەی خوازیاری دیموکراسیین بۆ ئێران دەبێت تێبگەن کە یەکەم هەنگاو ڕووەو دیموکراسیی لە ڕووخانی جمهوری ئیسلامیی و هەموو ئەو ئینستیوتە سیاسییانەوەیە کە دایمەزراندوون. هەر لەوێدایە کە ناوەندبوونەکەش لەق دەبێت. بەو شێوەیە هەڵوەشاندنەوەی ناوەند لە ئێراندا پێشمەرجی یەکەمینی دامەزراندنی دیموکراسییە. ڕەووینەوەی دەستەڵاتی ناوەند بە مانای دابەشبوونی دێت.

- هەبوونی پارەیەکی زۆری نەوت و دەستەڵات بەسەر نەوتدا

ئێران وڵاتێکە کە ڕۆژانە ٤ ملیۆن بەرمیل نەوت وەبەرهەم دەهێنێت کە ٢،٥ ـی دەفرۆشێت و وا دادەنرێت کە زیاتر لە ١٣٣ بلیۆن بەرمیل نەوتی لە ژێر زەویدا هەبێت. زۆربەی ئەو پارانە تا ئێستا لە خۆیان و سوپا و چەکدا سەرف کردووە. کوردستان، بۆ نموونە، بێ لەوەی بە توندی دادەدۆشرێت و دەڕووتێندرێتەوە هیچ خەرجیەکی وای تێدا ناکرێت کە شایانی باس بێت. ڕێژەی بێکاری کە لە ئێران نێزیکەی ١٢ لە سەددایە لە ڕاستییدا بە پلەی یەکەم لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی کەنارە کە خەڵکی ئەم ناوچانە هەر بە مێژوو ناچار کراون بۆ کارکردن ڕوو بکەنە ناوەند تا بتوانن بە کولەمەرگیی جۆرێك لە کاری سەرپێی پەیدا بکەن.

لە لێدانی حوکمەتی ئێراندا هەلێك بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی ساختمانێکی ئابووری بە شێوەی دیکە ساز دەبێت کە هەل بۆ کەنارەکان پەیدا دەبێت سەنگ و قورسایی خۆیان نیشان بدەن و لە حاڵەتی باشدا لە هەرێمەکانی خۆیان دەستەڵاتی سیاسی و بەو شێوەیەش ئابووری لە دەست خۆیاندا بێت.

هەموو ڕەووینەوەیەکی دەستەڵاتی ناوەندی بە مانای دابەشبوونەوەی دەستەڵاتە سیاسیی و ئابووریی و سەربازییەکانن بەسەر تەواوی ئێراندا، نە هەر تەنها وەکو ئێستا تایبەت بە ناوەند و بە نەتەوەی سەردەست بێت.

- شکاندنی سیاسەتی فراوانخوازیی و دەستتێوەردان

تا ئێستا ناوەندگیریەکە بەو مانایە هاتووە کە تەواوی دەستەڵاتی ئابووریی بۆ مەرام و ئەجێندای ناوەند و نەتەوەی سەردەست لە کاردا بێت. سیاسەتی دەرەکی ئێران بە هیچ شێوەیەك سەرئەنجامی مەبەست و خوازیاریی لایەنەکانی دیکەی ئێران، وەکو کورد، بەلوج و ئازەر و ئەوانی دیکە نییە. هەموو جۆرە تێکشکاندنێکی سیاسەتی فراوانخوازیی ئێران بەو مانایە دێت کە فشاری جمهوری ئیسلامیی ئێران لە سەر ناوچەکە و جیهان کەم دەبێتەوە.

هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دروستبوونی دەیان دەوڵەتی نەتەوەیی، هەڵوەشانەوەی یۆگۆسلاڤیا و ڕزگاربوونی نەتەوەکانی غەیرە سێرب نەبوونە هۆی دروستبوونی ئەنەرشیزمی نێودەوڵەتی. نەتەوەی سەردەست و ناوەندی هەموو ئەو دەوڵەتانە پاش هاتوهاوارێکی زۆر و خۆبادان و هەڕەشە و گوڕەشەیەك ئاخریەکەی بێدەنگ بوون و ئەو واقیعەیان قبووڵ کرد. تا ئێستاش هیچ کام لەم نەتەوانە بە سلۆڤاکیا کە لە چیك و ئەریتیریا کە لە ئەسیوپیا جیابووەوە نەهاتوون و لەو ڕزگاریەی خۆیان پەشیمان ببنەوە و خوازیاری خۆیان بۆ گەڕانەوە بۆ ڕۆژگاری بندەستییان دەرببڕن. ئەگەرچی ئەم نەتەوانە ئێستا کێشەی بێکاری و جۆری دیکەیان هەیە، کێشەکانیان زۆر جیاوازتر نیین لەو نەتەوانە کە سەدان ساڵە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەین. بۆ نموونە، سەرباری گرفتی جیاوازی ژیانی ڕۆژانە، خۆشترین شت بۆ کوردی باشوور ئەوەیە کە لە دەست ناوەند و نەتەوەسالاریی عەرەب لە ئێراق ڕزگاربوون.

ئەم ڕاستییە سەبارەت بە ئێرانیش دروستە. لە سەرەتادا جۆرەکانی پانئێرانیزم هاتوهاوار و هەڕەشەوگەڕەشەی خۆیان بە بادا دەکەن و باس لە دەریای خوێن و زیانی هەمووان و چی و چی دەکەن. بەڵام پاشان دەردەکەوێت کە بەرژەوەندیەکانی لایەنە جوداکان زۆر جیاوازن و کە هەریەکەی هەوڵدەدات بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە پێی خۆشە و پێ دەکرێت.

دروستە کە گۆڕانکاریی بە دەستی ناوخۆ و دوور لە زەبروزەنگ قازانجی زۆرە، بەڵام هەبوونی ئیمپراتۆریەکی وەکو ئێران کە چەندین سەدە بێ لە خوێنڕیژی و چەوساندنەوە قازانجگەلێکی بە

دانیشتوانی خۆی نەگەیاندووە کە مرۆڤ لە پاشاندا بیری بکات، هەروا بە هاسانیی کۆتایی پێ نایەت. ئەو زیانە گیانی و ماڵیانەی لە لێدانی ئێراندا ڕوو دەدەن، کە بێگومان ڕوودەدەن، دەبێت بە بەرپرسیاریی ئەوانە دابنرێت کە هەمیشە لەسەر خوێن و ئێسکی کەنار ناوەندیان بەهێز کردووە و لە هەلاورادن، چەوسانەوە و تیرۆردا بەشداربوون.

ڕووخانی ڕژێمی ئێران، دروست هەروەکو پانئێرانیستەکانیش خەمی بۆ دەخۆن، دەبێتە شێوەیەك لە ڕووخانی ساختمانی دەوڵەتیش. ئەوەش دەبێت بە گوناه و خەتای ناوەند و نەتەوەی سەردەست دابنرێت کە هەموو شتێکیان لە بەهێزبوونی ئەو ساختمانەدا کردووە. نەتەوە بندەستەکانی ئێران و چینی چەوساوەی ئێران ناکرێت بە بەرپرسیاری سەرئەنجامەکان دابنرێن، جا ئەو سەرئەنجامانە چەندیش تاڵ و سوێر بن. پێشنیاری من بۆ هەموو ئەوانە ئەوەیە کە لە دووبارە دروستکردنەوەی ئێرانێکی نوێدا سوور بن لەسەر بەشە مافی خۆیان.

هەڵەوەشاندنەوەی ئەو ناوەندگیرییە بێگومان بە مانای دووبارە ساختماندنەوەی دەستەڵاتی سیاسیی و ئابووریی دێت، کە بە ڕای من ناتوانێت لە قازانج زیاتر زەرەری بۆ ئەوانە هەبێت کە هەمیشە بەدەستی ئێنقسەت و بە زەبر و زەنگ لە دەرەوەی هەموو بەشداریکردن و بڕیارێکی سیاسییدا هێڵراونەتەوە.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێت نەخشی بەرچاوی لەو گۆڕانکاریانەدا هەبێت کە هەم لە بندەستی نەتەوەیی ڕزگار ببێت و هەم ئەو زیانانەش بۆ ئێران کەم بکاتەوە کە لە لێدان لە یان لە ڕووخانی جمهوری ئیسلامیی ئێراندا دەشێت ڕوو بدەن.

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٦/٤/١٥

سەرچاوەکان:


١. Jihad. The Trail of The Political Islam. Revised Edition. Gilles Kepel. Tauris & Co Ltd 2004
٢. Bin Ladin I våra hjärtan: Globaliseringen och framväxten av politisk islam, Mattias, Gardell 2005 Stockholm: Leopard förlag
٣. Islam i samhället. Christer Hedin, Bokförlaget Arena 2001
٤. http://news.bbc.co.uk/2/hi.html
٥. http://www.iran-e-azad.org/english/terrorlist.html